# ئایا گۆڕینی ئاشبەتاڵ بە نسکۆ ئاشتی دەستەبەر دەکات..؟!

ئاشبەتاڵ دەستەواژەیەك بوو ساڵێ ١٩٧٥ لە لایەن جەلالی یەکانەوە دابڕا بەسەر بن بەستی جوڵانەوەی چەکداری ناسیونالیستی کورد بەڕابەری پارتی و بارزانی .لەو ساوە تا ئێستا بووە بە ووشەیەکی باو لە ئەدەبیاتی سیاسی باڵێ بەناو چەپی ئەو بزوتنەوەیە و تەنانەت خەڵکیش .هەمیشە بۆ ڕیسوا کردنی پارتی لە لایەن سەرانی یەکێتی یەوە بەکار هاتووە بە تایبەتی لە کاتی شەڕی کۆنەپەرستانەیان لە ماوەی چەند ساڵێ ڕابردوودا .بەلاّم ئەمە ماوەیەکە ،کە گفتوگۆی نەزۆکی نێوانیان کەمێ گەرمتر بۆتەوە بە تایبەت بن بەستی یەکێتی لەم شەڕەدا و یەکێتی ناچار بووە تنازلاتی زۆر بۆ پارتی و بنەماڵە بکات تا. ئەو ڕادەیەی سەرکردایەتی ینك فعلەن و بەئاشکرا تووشی گرفتی گەورە بوونە، هەرچەند هەوڵئەدەن بیشارنەوە بەلاّم بۆیان ناشاریتەوە .یەکیك لەو نیشانەی تنازلانەی تاڵەبانی و دەست وپیوەدەکانی بە تایبەتی ژورنالبستە بەگێرێ گیراوەکانی گۆڕینی ووشەی ئاشبەتاڵ بە نسکۆ وەك پارتی خۆی چۆنی بەکار دەهێنێ .ئیستا یەکیتیش موئەدەبانە و شەرمنۆکانە بەکاری دەبەن.ئەم یاری کردنە بە م ووشەیە بە ڕواڵەت سادەیە بەلاّم لەڕاستی دا مانای زۆری هەیە.

مەسەلەکە ئەوەیە کە یەکیتی ئامادەیە نەك ووشەکان کە مانای واقعیەتیك دەگەینێ بگۆڕێ بەڵکو ئامادەیە دەستکاری پەیڕەو پرۆگرامیشی بکات بە خاتری گەیشتن بە ریکەوتن .چونکە چ پارتی و چ خودی یەکیتی و لایەنگرانی و تەواوی جەماوەر دەزانی بارەکەی زۆر خوارە ئەگەر وانەکات بۆی بە دەرد ناخوات و چارەنوسێکی خراپ لە پێشێوەیە .ئەوێك دەورانیك هەرچی بالتۆ ڕزیوێك کە بیزانیایە بۆنەکەی پارتی بێزار دەکات لەبەری دەکرد کەچی ئیستا ئامادیە خۆی ڕووت و قووت کاتەوە بە جلی بۆنداری خۆشی یەوە ،نەبادا پارتی بە بۆنەکەی قەڵس بیت.ئەمە تایبەتمەندی هەر ئەمڕۆی تاڵەبانی و ینك نی یە بەڵکو هەموو مێژووەکەی پڕە لەم جرت بازی و تەقڵە لێدانە.بەلێ بەلای ئەمانەوە سیاسەت حیکمەتی لەوەدایە چۆن حاشا بکەی لە مقدەساتی خۆت ,چۆن جەماوەر هەڵخەڵەتێنی ,چۆن هەموو سەوداکاری یەك بکەی,بە کورتی چۆن رۆژێك خۆت بکەی بە بەرازو و چۆنیش بەو گەورەیی یەوە خۆت تعلیب بکەی لە قوتویەکدا.

بەلاّم بە پێچەوانەوە ئاشتی و ئاشتەواوی_بە قەولی خۆیان_ هەرگیز بەم تەل بازی یە بەدی نایەت چونکە ئەوەی کە فاکتەری ئەسڵی یە بەکار هێنان و گۆڕینی ئەم ووشانە نی یە. فاکتەری بنەڕەتی جگە لە ڕەوەندی مێژوویی ئەم شەڕە ،بێ ئاسۆیی سیاسی گشت بزوتنەوەکەیانە چ لە ڕوانگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی یەوە چ بە بەهۆی وەزعی هەڵواسراوی ئەمڕۆی کوردستان و شەڕی بەرژەوەندی یەکانی دەوڵەتە زل هیزەکان و تەنانەت بی ئاسۆی ئەو زل هیزانەش لە چارەسەری تەنگ و چەڵەمە قوڵەکانیان .بۆیە تەنانەت لە سبەی رۆژی رزگاری یەکجاری کوردستانیش ئەمانە نەك هەر ناتوانن بە ئاشتی بژین بەلکو ناتوانن کۆمەڵگەش بەریوەبەرن.خۆ ئەگەر بشیانەوێ هەرگیز چاویان پی ناکەوێ .

لە دونیای ئەمرۆدا بە تایبەت لەو وولاّتانەی بە ناو سێ جهانی یە ئەگەر وولاّتێك سەربەخۆیش بە دەست بهێنێ ممکن نی یە لە لایەن هیچ حزبێکی بزتنەوەی قومی یەوە بەریوە بچی .چونکە وا بۆ سەدەیەك دەچێت ئەم بزوتنەوانە لە رووی بەدیلی ئابووری و سیاسی یەوە ئیفلاسیان هیناوە. .ئەو حزبە قومیانەی ئەمرۆ لە زۆر شوێنی دونیا دەسەلاّتدارن وەزعیان گەلێ باشە کە بە نەزۆکی بە دەسەلات گەیشتن ؟ تۆ بلێ دەسەلاّتی ئەمانە لە دەسەلاّتی حزبە قومی یەکانی جهانی عەرەب و ئیسلامی باشتر بیت؟ نەخێر هەرگیز!.

ئەمڕۆ نەك سەربەخۆیی شوێنێکی وەك کوردستان و فەلەستین لە رۆژهەلاّتدا ئالۆگۆڕی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێ بەلّکو ئالۆگۆڕی هەر ڕژێمێکی سیاسی بە هۆی جەماوەرەوە گەورەترین ئالّو گۆڕ بە دوای خۆی دا دەهێنێ .

.بەلّگەیەکی زیندووی ئەمرۆ مەسەلەی سەربەخۆیی تەیموری رۆژهەلات و ئەو ئەزمەیە یە کە هەم ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە و هەم ئەمرۆش بەربینی بە خودی دەسەلاتەکەی شونانە کوشما گرتوە ناچار بووە دەست لە کاری بەرلەمان بکیشێتەوە و ڕابگەیەنێ و بلێ بەرلەمانەکەی شەرعی نی یە.ئەمە فاکتەرەکەی لە شوینی ترەوەیە. ئەمە جگە لەوەی لە زۆر ڕووەوە ڕابەرایەتی خەلّکی تەیمور زۆر بە شەهامەت ترو ڕادیکالتر بوون لەمانە لانی کەم مل کەچ بوون بۆ ئیرادەو ڕاوەرگرتنی خەلّك.لەم ڕوانگەیەوەیە ئێمە دەلّێین هەرگیز ئەم حزبانەی کوردایەتی یە نە کار بۆ سەربەخۆیی ناکەن ، بەلّکو بۆ یەك لەحزەش لە بەرنامەیاندا نی یە.بۆیە وەختێك باس لە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی دەکرێت تا ناخ دژایەتی دەکەن و هەزار بەهانەی پوچ دەهێننەوە بۆ ممکن نەبونی و خەون و خەیال بوونی .چونکە ئەوان ناوەوەی خۆیان باشتر لێ دیارە وەك لە خەلّکی تر .دەزانن لە ئەگەری بەدی هاتنی پرۆژەی لەو چەشنە بە مانای چونەکەنارەوە ی ئەمانە و هاتنە سەر مەیدانی هێزی ڕادیکال و پێشکەوتنخواز و یەکسانی خوازی ترە.

بۆیە لە کوردستان لە سایەی ئەم حزبانە و بەم ئالّوگۆری ووشەیە و تنازلاتانە و بەلّێن دانە درۆییانەیە بە جەماوەر هەرگیز ئاشتی بەدی نایەت خۆ ئەگەر ئاشتی یەك لە ڕوانگەی ئەوانەوە و بەبەرژەوەندی ئەوانیش بەدی بیت ئەوە هەر لەرزۆکە و تەمەنی لە تەمەنی ئەو دوو سالە کورتر دەبیت کە پێکەوە ڕووی چەکیان لە خەلّك کردبوو.

ئاشتی و ئازادی و بەدی هێنانی خواستەکانی خەلّك تەنها لەو ڕێگایەوە بەدی دێت کە خەلّك بە ئیرادەی خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن و خۆیان ئیدارەی خۆیان بکەن .ئەمە تەنها ڕێگایەکە بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو دەردو مەینەتی وەك شەڕو برسێتی و بێکاری و بێ شێل کردنی مافە سەرەتایی یەکانی خەلّك و ئاوارەیی و دەربەدەری و تەدەخولی ڕژێمە هارەکانی ناوچەکە و تارمایی بەعس و دەسەلاّتی ڕەشی ئەمانە.

موزەفەر عەبدولاّ ٢٠٠١/٣/٣٠